# بۆ مەریوان نەقشبەندی و مەریوانەکای تر

نازاد بێباك
azasbebak@hotmail.com

نازانم بۆ چی هەندێ نووسەر بە ئەنقەست خۆیان لە راستی لا ئەدەن و ئەیانەوێ جەماوەر بەرەو هەڵدێر و ناڕاستی بەرن و لە خۆیانەوە لێکدانەوەی بێجێ و ناراست ئەگرنە هەست و هۆشی جەماوەرەوە . کاک مەریوان نەقشبەندی و ئەوانی وەک ئەو بیر ئەکەنەوە زۆر دەست بەرزانە بۆ کێشەی کۆنەبونەوەی پەرلەمان رۆشتوون و پێیان وایە کێشە هەر ئەوەیە کە پارتی  و یەکێتی کاتی خۆی رێککەوتوون کە سەرۆکایەتی عێراق بۆ مام جەلال و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانیش بۆ کاک مەسعود بێت . ئەوان پێیانوایە کە یەکێتی لە رێککەوتنی خۆی پەشێمان بۆتۆ و ئەیەوێ کاک مەسعود نەبێ بەسەرۆکی هەرێم . کاک مەریوان ئەڵێ < نەوشێروان مستەفا لە هاوینەهەواری سەلاحەدین وتی کاک مەسعود هەر لە ئێستاوە سەرۆکی هەرێمە> . ئەی بۆ ئێستا پەشیمان بوونەتەوە و لەسەر پێشنیارەکەی پارتی رازای نابن.

من بۆخۆم گومانم لە هەموو هەڵس و کەوت و کارێکی ئەو دوو حزبە < یەکێتی و پارتی> هەیە ، چونکە ئەوان هەرگیز بیر لە بەرژەوەندی میللەت ناکەنەوە ، ئەوان هەمیشە بە دوای بەرژەوەندی خۆیان و دەستکەوتی شەخسی و حزبیەوە وێڵن . بەڵام ئەبێ راستیەکان وەک خۆیان ببینین و لە خۆڕاوە تەققە بە تاریکییەوە نەنێین . هەموومان ئەزانین  کە رێک نەکەوتنی ئەم دوو  حزبە ، ئەم دوو سەرکردەیە گەورەترین کارەسات و ماڵوێرانی و نەهامەتی بۆ گەلەکەمان هێنا . هەروەها کاتێ رێکیش ئەکەون تۆزقاڵێ بیر لە بەرژەوەندی گەلەکەمان ناکەنەوە و تەنها ئەیانەوێ دەستەڵات و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بپارێزن .
یەکیتی ئەزانێ کە تەمەنی سەرکۆماری مام جەلال تەنها چەند مانگێکە و ئەیەوێ کە تەمەنی سەرۆکایەتی کاک مەسعودیش هەر هێندە بێت . بەڵام پارتی ئەیەوێ  کە تەمەنی سەرۆکایەتی کاک مەسعود لە هەرێمی کوردستان بۆ 12 ساڵ و  هەتا هەتایە بێت . ئەیانەوێ دەستەڵاتی سەرۆکی هەرێم  بە تەنها رەمزی نەبێت و دەستەڵاتێکی زۆری هەێت . ئەیانەوێ دارایی هەموو کوردستان و ئاسایشی هەرێم و هێزی پێشمەرگەیش لە ژێر دەستی سەرۆکی هەرێم دابێت . کەواتە سەرۆکی هەرێم دەستەڵاتی رەمزی نییە و دەستەڵاتی موتڵەقی هەیە و دیکتاتۆرێکی کەم وێنەیەی وەک سەدام حسێنی لێ دەرئەچێت . بەڵام کاک مەریوان و مەریوانەکانی تر  ئەیانەوێ خۆیان لەو راستیانەدا بدزنەوە و پێمان بڵێن  کە پارتی و سەرۆکەکەی وەلی زەمان و پەیوولەی دونیان . کاک مەریوان ئەڵێ من نەمبیستووە کە کاک مەسعود بڵێ  من سەرۆکایەتی هەرێم قەبووڵ ئەکەم . من بەو خۆشەویستە ئەڵێم ئەو برادەرە مان سەرۆکایەتی هەرێم بە شیاوی خۆی نازانێت . کاتی خۆیشی فەرەنسۆ هەریری ئەیوت < کاک مەسعود لەوە گەورەترە کە ببێ بەسەرۆکی پەرلەمان یان سەرۆکی حکومەتی هەرێم !!>. کاکی برا ئەوان خۆیان لە سەرۆکی ئەمریکا و سین و رووسیایش پێ گەورەترە . ئەیانەوێ کە کاک مەسعود سەرۆکی هەموو دنیا بێت و جێگەی موحەمەد موستەفا یان عیسامەسیح بگرێتەوە .
من نازانم ئەم لێکدانەوە بێ ئەساس و بنەمایانە لەکوێ سەرچاوەیان گرتووە . هەموومان ئەزانین کە پارتی و یەکێتی ، بە تایبەتیش کاک مەسعود و مان جەلال گەورەترین کارەساتن بۆ گەلی کورد .  تا ئەوان مابن زەحمەتە گەلی کورد ئاسوودە بێت . چ جا ئەگەر کاک مەسعود ببێتە سەرۆکی هەرێمی  مادام عومر !!.
رق و قینەی پارتی و بنەماڵەی بارزانی بەرامبەر بە یەکێتی و حزبەکانی تر و خەڵکی کوردستان هێندە گەورەیە مەگەر رقی مام جەلال بەرامبەر بە بنەماڵەی بارزانی هێندە گەورە بێت .
ئەمە یەکێتی و پارتین کە گاڵتە بە خەڵکی کورد ئەکەن و پەرلەمان و حکومەت و هەموو داهاتی کوردستان بە  موڵکی خۆیان و حزبەکانیان ئەزانن . ئەمە نییە هەموو کوردستانیان لەسەر خۆیان و بنەماڵەکانیان دابەش کردووە . ئەمە نییە 13 ساڵە دەستیان بەسەر قوتی جەماوەر داگرتووە . ئەمان سەدان لاوی کوردیان بە کوشت دا , یان زیندانی کرد و بە ئەمری سەرکردەکانیان گوللە باران کران . ئەمە نییە کە جگە لە خۆیان  کەسی تر بە کورد نازانن. ئەوان ، واتە پارتی و یەکێتی خۆیان بەهەموو کورد ئەزانن . سەرۆکەکەیشیان  بە هەموو حزب ئەزانن . وەک جاران ئێرانیەکان ئەیانوت < چ شا گفت چ خودا گفت > , ئێستایش لە کوردستان وای لێهاتووە ، چ کاکە و مامە وتیان ، چ خودا وتی .

جانازانم خۆ گێل کردن لەم راستیانە و چەواشەکردنی جەماوەر چ سوودی بۆ ئەو مەریوانانە تیایە . کاک مەریوان ئەترسێ سێ مانگی تریش پەرلەمان کۆنەبێتەوە و مەرجی تازەی سەرۆکی هەرێم ببێتە رێگر . منیش ئەڵێم گریمان پەرلەمان کۆبۆوە ، جا چ لە مەسەلەکە ئەگۆڕێ ، ئەمە بە چاوی خۆت ئەبینی کە مەکتەبی سیاسی هەردوو لایەن کۆئەبنەوە و بڕیار ئەدەن . ئەرک و کاری پەرلەمانیش تەنها ئەمەیە کە دەستیان بۆ بەرزبکاتەوە و بەس . دواتریش کەی لە ماوەی 13 ساڵەی رابردوو یاسا و قانوون لە کوردستان رێزی لێگیراوە ؟؟!. زۆر دڵنیابە ئەگەر سەرکردەکانی یەکێتی و پارتی بیانەوێ بە یەک چرکە هەموومان ئەکەن بە گژ یەکتریەوە . باوەڕ بکە هەر هێندە بەسە کە بڵێن شەڕ ، ئیتر هەزاران کوردی چەکدار زۆر بێباکانە هەڵئەکوتێتە سەر ماڵی دراوسێکەی و تاڵانی ئەکات و براکەی خۆیشی ئەکوژێت ، ئەگەر ئەندامی حزبەکەی خۆی نەبێت . بۆ دڵنیابوونیشت پەرلەمان و حکومەتیش هەر لەسەر زەوق و مەزاجی مەرج و مەرجکاریەوە دروس ئەکەن و هەر لە ئێستایشەوە بوونەتە فیلم بەدەست زەرقاو ی عومە موسا و جەبهەی تورکمانیەوە . کاکی کاکان , کاک مەریوان و مەیوانەکانی تر ئێوە پاکانە و ستایش بۆ لایەنێک ئەکەن و لایەنێکیش دا ئەکوتن ، ئەمە وا ئەکات کە لایەنی ستایش کراو لەسەر مەرج و داواکانی خۆی سوورتر بێت وپێ لەسەر سەرۆکایەتی هەرێمی مادام عومر دابگرێ . کاکی کاکان ، مەریوانەکان ئێوە دڵنیا بن کە ئەمجارە و دوو جاری تریش پەرلەمان و حکومەت لەسەر بنەمای رق و قینەی سەردەمی شاخ بنیات ئەنێن و من و تۆ و هەزارانی تریش ئەبێ زەقەی چاومان بێت . لەوانەیە کەسانی وەک تۆیش چەپڵەیان بۆ لێ بەن و پەخشان و وتاری شیعر ئامێزیان بۆ بنووسن .